ڕامانێک لە ژیانئاوایی نووسەری ناودار حەسەن عارف و سەرنجێک!.. عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

حەسەنی وەستا عارفی مەلا عەبدولڕەحمان ناسراو بە حەسەن عارف (١٩٣٦ – ٢٠٢٦) یەکێک لە دامەزرێنەرانی گرووپی ئەدەبیی ڕوانگە(١٩٧٠)، دوای زیاتر لە شەست ساڵ لە نووسین، شەوی ٢١ لەسەر ١٣ ی ی ئابی ٢٠٢٦ لەتەمەنی نەوەد ساڵیدا ژیانئاوایی لە نووسین و خەمەکانی ژیان کرد. مەرگی ئەم نووسەرە(*) لەلایەکەوە تەپوتۆزی لەسەر یادەوەری ژمارەیەک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد لابرد و کەوتنە گێڕانەوەی یەکەم دیدار و یەکترناسین و باسکردنی بیرەوەرییەکانیان، لەلایەکی تریشەوە بووە مایەی خەم هەڵڕشتن بە ئاوابوونی ئەو پێشەنگ و ئەستێرەیەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی، کە چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوەکانی بوونەتە بەشێک لە نەست و ئەزموونی ئاشنابوون و کاریگەری چەند نەوە لە نووسەران. ئەم تەپوتۆز لابردن و خەم هەڵڕشتنەی ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی بە کەسایەتییەکی وەک حەسەن عارف، هیچ پەیوەندییەکی بە بەهای ئیستاتیکیی و زمانی نووسین و ڕایەڵەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەقەکانی بە کۆمەڵگەوە نییە، بەڵکو زیاتر خەم دەربڕین لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بەبەهاکردنی ژیانئاوایی نووسەر داگرتنی بە ئاستی بەکەسبوون و کەم قەرەباڵغی مەراسیمی ناشتنەکەی، تا دەگات بە هێرشی بە سەر خودی نەوەندی ڕۆشنبیری کوردی کە بەوەفا بوون بەرانبەر بە مەرگی نووسەر، بەئەوەی هەنگاوێک لە جیهانی ئەدەبیی و ئیستاتیکیی حەسەن عارف نزیک ببنەوە. لێرەدا تاوتوێکردنی ئەم نووسین و ڕەخنە و دەربڕینەی سەر سۆشیالمیدیای کوردی جێی باسی ئەم کورتە نووسینەی من نین، بەڵام وروژاندنی پرسیارگەلێک، ئەو پرسیارگەلەی کە کلیلی کردنەوەی دەرگای پەیوەندی هەر نووسەرێکن بە هەڵویست و چۆنیەتی بینینی واقیعی ژیان و لایەنگیری خەڵکی ستەملێکراو و چەوساوە و بەدەستەوە گرتن و پەیڕەوکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییە چینایەتییەکانی ئەدەب لە بەرانبەر ئەو بینینەدا، بە من جێی بایەخن و هەوڵدەم پرسیارەکان بەڕوونیی لە چەند خاڵێک بیانخەمە ڕوو:

یەک: ئایا نووسینەکانی حەسەن عارف لەبواری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و گەوهەریی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە و لەکوێی ڕووداوەکانی سەردەمەکەیدا بوونە؟

دوو: زمانی نووسینەکانی حسێن عارف چ نزیکایەتییەکیان لەتەک گرفتە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە و چەند ئەو زمانە تا چەند توانیویەتی گوزارشی بێت لەو گرفتە سەردەمیيانەی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان؟

سێ: ئەوە ڕاستە کە داوایەکی نا بەجێیە داوا لە نووسەر و ئەدیب بکرێت مانیفێستی سیاسی بنووسێت، دروشمبازی بکات، زمان و فۆرمی دەق بکوژێت، بەڵام ناشکرێت بەبیانووی ئیستاتیکا و جوانووسی و بەسیاسەتنەکردنی ئەدەب، پاساو بۆ بێهەڵویستی یان پاسیفیستبوونی هیچ نووسەرێک به□ن□ر□تەوە. حسێن عارف نووسەرێکی بە ئاگا و سیاسی بوو. ئەو جگە لەوەی پارێزەر بوو، ئەندامی خوولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانیش بوو لە ١٩٩٢. بۆ ماوەی سیانزە ساڵ ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بووە و لە گەرمەی شەڕی نێوان باڵەکانی ناسیونالیزمی کورد(١٩٩٤ – ١٩٩٨) لەناو پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی مانگێک مانی گرتووە. واتا ئەم ئەدیبە هۆشیاری سیاسیش لە ئاستێکی بەرزدا بووە و پاسیفیست نەبووە. ئەدی بۆچی مافی خوێنەر نەبێت بزانێت کە ئایا دەقە ئەدەبییەکانی حوسێن عارف هەڵگری چ ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتین؟ لایەنگری چ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی چینایەتین؟ گوزارشت لە خەون و ئاوات و خەم و ئازاری کام چینی کۆمەڵایەتی دەکەن؟

چوار: حسێن عارف لە کۆتایی دەیەی پەنجاکان و دەیەی سەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو شانبەشانی چەندین چیرۆکنووسی تر(حەسەنی قزڵچی، محەمەد مەولوود مەم، ئەمینی میرزا کەریم، دواتریش مستەفا ساڵح کەریم، شێرزاد حەسەن، حەمەفەریق حەسەن، ڕەئووف حەسەن)، بە گێڕانەوەی هونەریيانە و ئیستیتیکیانەی بەرز، ئەو ژان□ر□ ئەدەبییەی بردۆتە ئاستێکی باڵاتر. ئەو سەردەمە عێراق بە کوردستانیشەوە لە ململانێیەکی چینایەتی گەورەدا دەژیا. دەیان و سەدان مانگرتنی کرێکاریی گۆڕەپانی سیاسی عێراقیان تەنیبوو. حیزبە سیاسییەکان بەتایبەتی حیزبی شیوعی عێراق لە ئەوجی توانا و ڕەونەقی مێژوویی خۆیدا دەژیا و ئەزموون لەسەر ئەزموون؛ خەباتی چینایەتی لە عێراق ڕەنگڕێژ دەکرد، دوواتر لە سەرەتای دەیەی شەستەکان قەتلوعامی کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و هێرش بۆ سەر کوردستان و کوشتن و بڕین و زیندان و ماڵوێرانی خەڵکی عێراق و کوردستان لەسەردەستی هێزەکانی حەرەس قەومی و شۆڤینیزمی عەرەبیی، هەموو ئەمانە پێکەوە دیمەنی تراژیدی تابلۆیەکی گشتیگیر نیشان دەدەن. بۆیە بۆ هەر نووسەرێک کە واقیعبین بێت و شایەدحاڵی هەموو ئەم کارەسات و ڕووداوانە بێت، ناتوانێت لەئاست ئەو بڕگە مێژووییە بەتایبەتی (١٩٦١ – ١٩٧٠) بێدەنگی هەڵبژێرێت و هەڵوێستی سیاسی

نەنوێنێت.
پێنج: حسین عارف هەوڵیداوە لە بەرهەمەکانیدا خەم و ئازاری ئینسانی کورد وێنا بکات و ئاوڕ لەو دەردە کۆمەڵایەتییانە بداتەوە کە بەرۆکی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانی گرتبووە و لەگەڵ ئەو کارەکتەر و پاڵەوانانە دەست و پەنجە نەرم بکات کە کۆمەڵگەی چینایەتی بەبەهای کردبوون، ئەمەش جێگەی دەستخۆشی و پشتیوانییە. کوردیش بەشێکە لە مرۆڤایەتی و خەمی ئینسانی چەوساوەی کورد، خەمی مرۆڤایەتیشە. بەڵام گوزارشتکردن لەو خەمە ئینسانییە بە تەنها بەس نییە و بەبێ دەست خستنە سەر چارەسەری ڕیشەیی دەردەکان هیچ خێرێکی بۆ بەشمەینەتانی کوردستانی تێدا نابێت، چونکە ئەمجۆرە بەشداریکردنە زیاتر وێناکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی سیاسییە و نووسەر لەخانەی ڕیالیزمێکی کۆمەڵایەتییانە دەگیرسێنێتەوە و لە ئایدەندتی شۆڕشگێڕانە بێهرەمەند بێت.
شەش: ئەوە تێگەیشتنێکی زۆر سادە و ڕووکەشانەیە کە پێمانوابێت نووسەر و ئەدیب لەم کۆمەڵگە چینایەتییەی عێراق و کوردستان ئازادن. زۆر ڕووکەشانەیە بڵێین و بڵێین با نووسەران لەم کۆمەڵگە بێبەزەییەی سەرمایەداری ئازاد بن و چێژ لەو ئازادییەی خۆیان ببینن. نووسەران و ئەدیبان چ بابەتێک و ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرن و چۆن هونەرییانە گوزارشت لە خەم و شادییەکان، مەرگ و ژیان، جەللاد و قوربانی دەکەن، لەڕواڵەتدا ئازاد دەردەکەون، بەڵام لەدنیای واقیعدا هیچ نووسەر و ئەدیبێکی ئازاد لە کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری بوونی نییە. هیچ ئەدیبێک نییە لەو کۆمەڵگە چینایەتییە بکەوێتە ئەودیو بەرژەوەندی چینایەتییەوە. هیچ نووسەرێک نییە بەدەیان ڕایەڵەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەم سیستەمە نەبەسترابێتەوە. دیارە ئەم هاوکێشەیە هەموو ئەدیب و نووسەرێک دەگرێتەوە.
حەوت: ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەتایبەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ بە نووسینێکی ڕەخنەیی بەناوی (ئەناتۆمیزمی ڕۆمانی شار لە دیدگای مەنتق و تاریخدا) کە لەلایەن شۆرش هیومانیست کە دواتر ناوەکەی گۆڕا و بوو بە جەماڵ کۆشش، نووسرا و لە گۆڤاری (ڕابەر) ئۆرگانی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) بە دوو بەش بڵاوبۆوە، حسێن عارف بەسەر دەکاتەوە. ئەم نووسینە ڕەخنەییە لای لە ڕۆمانی (شار) کردبووەوە و لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە؛ خوێندنەوەیەکی مارکسیستانەی بۆ دەق و هەڵوێستی چینایەتی حوسێن عارف و ڕۆمانەکە خستبووە بەرچاو. (**)
دوواجار حسین عارف ژیانئاوایی کرد. ئەو ئێستا لە جێگایەکە ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک داکۆکی لەخۆی بکات، بەڵام ئەوەی لە بری

حوسێن عارف قسە دەکات و داکۆکی لە دەکات، خودی بەرهەم و نووسینەکانی ئەون، خودی زمانی هونەری و ئاستی تەکنیکی دەقەکان و هەڵوەستە چینایەتییەکانن، خودی ڕەخنەی ئەدەبی جیدییە کە دەتوانێت و لەتوانایدایە هاوکێشەی پەیوەندی نێوان نووسەر و واقیعی چینایەتی شیکار بکات و وەڵام بداتەوە. دوا قسەم ئەوەیە پرسە و سەرەخۆشی خۆم بە کەسوکاری حسێن عارفی نووسەر. ئێوەش هەردەم سەرفراز بن.

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)
١٣ ی ئابی ٢٠٢٦

پەراوێزەکان:
(*)حسێن عارف چیرۆکنووس و ڕۆمانووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسی و ئاوتۆبایۆگرافیست و شانۆنامەنووس بوو. لێرەدا بە پێویستم نەزانی ژیاننامەی و ناوی بەرهەمەکانی دابنێم، خوێنەر بە کلیکێک لە گووگڵ دەتوانێت زانیاری پێویست لەوبارەوە بەدەست بخات.
(**)بەداخەوە ئەو نووسینەی هاوڕێ جەمال کۆشش لە بەردەستدا نییە ئەگینا جێی خۆی بوو جارێکی تر، بڵاوبکرێتەوە.